سبەینێ یەکەم گەشت لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە بۆ ئەستەنبوڵ و بەیروت دەستپێدەکاتەوە

سەرۆکی یەکێتیی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاریی لە هەرێم رایگەیاند ، بەیانی یەکەم گەشت لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ ئەستەنبوڵ و بەیروت دەستپێدەکاتەوە ،ئاماژەی بەوەشکرد و لە رۆژانی داهاتوو سەرجەم گەشتەکان ئاسایی دەبنەوە.

ئەمڕۆ سێشەممە ، لاوەند مەموندی، سەرۆکی یەکێتیی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا وتی، بەهۆی راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان سەرجەم کۆمپانیاکانی گەشتیاری زەرەرمەندبوون و دەشێت، لە رۆژانی داهاتوو سەرجەم گەشتەکان ئاسایی دەبنەوە.

باسی لەوەشکرد، ئەو کەسانەی تکتیان هەیە و هەڵنەوەشێندراوەتەوە دەتوانن تکتەکانیان بگۆڕن و گەشتەکانیان بکەن.

وتیشی، پێشبینی دەکرێت هەموو ئەو کۆمپانیانەی گەشتەکانیان هەڵوەشاندووەتەوە، لە ٤٨ کاتژمێری

داهاتوو دەست بە گەشتەکانیان بکەنەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ڕۆژانە بەلایەنی کەم ٣٥ گەشت لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە دەکران، سەرجەم کۆمپانیاکانی گەشتیاری زەرەرمەندی بوون، تاوەکوو ئێستا قەبارەی زیانەکانیان نازاندرێت، بەڵام لە ڕۆژانی داهاتوودا بڵاویدەکەنەوە.